# قـومـار

## (گۆرانییەکان)

**سیمین چایچی**

بەهاری ٢٠٠٧

ناسنامەی کتێب:

ناوی کتێب: قومار (گۆرانیەکان)
پێداچوونەوەی: ئاری محەمەد ساڵح
پیتچنین: ناسر خالدیان، ئاراز مەحەمەد ساڵح
ستارە موسڵح، شەریفە سەلیمی
ڕازاندنەوەی: سنە، ڤیان کامپیوتر ۲۲٦٧٤٨٠
ڕووبەرگ: فەردین سادقئەییوبی
بەڕێوەبەری کامپیوتری: عەلی ئەرژەنگ
وێنە: شەهریار سەقەتی
ساڵی لە چاپدانی: بەهاری ۲۰۰٧
ئەژمار: ۲۰۰۰ بەرگ

[مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر ڕەوایە]

ئەم چەپکە هەڵبەستەش وەکوو نووسراوەکانی تری
پێشووم ، دەنگی گزگراوی هەست و نەستی ئەمڕۆی
ژینە کە لە ئاسۆی خەیاڵەوە وەک پەپوولەی
بابردەلە هەر لە بۆی رەحسا هەڵدەفڕێت
تاکوو مجەوانی ژیان بەسەر رەشەبادا
بپێچێ

[illegible]

# ئەوین

ئاو عاشقی کچی مانگە
هەر شەو لە ئامێزی ئەگرێ
بەیانی مانگ مەست و ماندوو
لە باوەشی دڵدار ئەمرێ
چۆن من بۆ تۆ، تۆ بۆ زەوین
تۆ بۆ خاک و من بۆ ئەوین
هەر دوو سەررێژین لە تاسە

هەر کام بۆ مەبەستێ ئەژین
شۆڕەبی شێتی کانیە
هاکا بۆ ئاو گیانی دەرچێ
بەیانیان بە پێ دزکێ
شۆڕ ئەبێتەوە بۆ ماچێ
چۆن من بۆ تۆ تۆ بۆ زەوین
تۆ بۆ خاک و من بۆ ئەوین
هەر دوو سەرڕێژین لە تاسە
هەر کام بۆ مەبەستێ ئەژین
ماسی سوور خەوی شەپۆل و
شینائی دەریا ئەبینێ
لە ناو کۆشکی بلووری خەو
پەری دەریائی ئەژینێ
چون من بۆ تو تۆ بۆ زەوین
تۆ بۆ خاک و من بۆ ئەوین
هەر دوو سەرڕێژین لە تاسە
هەر کام بۆ مەبەستێ ئەژین

پاییزی ٢٠٠٢

## تۆبە

ئەمڕۆ دڵنیام ئەگەرچی تەنیام
ڕزگار لە بەندی ئاواتی دنیام
دەرچووم لە داوی گێژاوەی ناوێ
چەندە بێ دەردم ئازاد و ئازام
تۆبە بێ تۆبە تۆبە لە ڤیان
تۆبە لە سەبر و هاوار و سووتان
ئەمڕۆ لە خۆوە بێ بادە مەستم

کەس جەولە نادا لە شاری هەستم
کەسێ ناوێرێ بە حوکمی ئەوین
کەلەبچەی فریو بکاتە دەستم
تۆبە بێ تۆبە تۆبە لە ڤیان
تۆبە لە سەبر و هاوار و سووتان
بێدەنگیم قەڵای بەردینی بەرزە
نامەوێ دیسان کەس بیرووخێنێ
نامەوێ دیسان بە تیری تانە
مەلی تەنیائیم کەس بتارێنێ
تۆبە بێ تۆبە تۆبە لە ڤیان
تۆبە لە سەبر و هاوار و سووتان

زستانی ٢٠٠٢

## ئاوات

من شەپۆلی شێت
باوشت کەنار
دێمە کەنارت
مەست و بێقەرار
تۆ بای سەرکەشی ناکەوێتە داو
تا دێم ڕاتبگرم هەڵئەکەی بە تاو
من دەریای بێ ڕەنگ

تۆ ئاسمانی گەش
شینایی تۆیە
گرتوومە باوەش
تۆ بای سەرکەشی ناکەویتە داو
تا دێم ڕاتبگرم هەڵئەکەی بە تاو
من کانیاوی
ئەوین و ئاشتی
تۆ ڕێبوارەکەی
تینووی بەهەشتی
تۆ بای سەرکەشی ناکەوێتە داو
تا دێم ڕاتبگرم هەڵئەکەی بە تاو
من لە سەرەمەرگ
تۆ هەوا و نەفەس
نەفەسم بڕیا
وەرە تەنیا کەس

زستانی٢٠٠٢

## غوربەت

ئەبمە دڵۆپێ حەسرەتی ئازار
لە وەرزی چاوی غوربەت دێمە خوار
ئەبمە ناسنامەی ژنێکی عاشق
بێزووی بە خاکی وڵاتە و دیدار
ئەبمە هاوکۆچی پەرەسێلکەکان
ئەگەڕێمەوە بەرەو کوردستان

له چوار ڕێیانەی مان و نەمانا
ئەبمە خاڵێ سوور لە نەخشەی جیهان
پێکەرەی پاکی ئەوین ئەنێژم
فرمێسکی تاڵی تاوان ئەڕێژم
گەر خۆشەویستی تاوانباریە
لێوانلێوی تۆم لە تۆ سەرڕێژم
من دارەوەنی ئاشنای کوێستان
ڕیشەم جێ ناگرێ لە غەریبستان
ڕۆژێکم ماوی لەسەر دنیاوە
ئەگەڕێمەوە بۆ ناو دارستان

پاییزی ۲۰۰۰

## شەرت

شەرتە لە دوای تۆ کەس نەگرم بەیار
نەگەشێمەوە لە باغچەی بەهار
شەرتە لە دوای تۆ مەیل نەدەم بە کەس
مەیلم بۆ تۆ بێ تا ئاخر نەفەس
گەرچی لێم دووری دەنگم پێت ناگا
هێشتا ژوورەکەم بۆنی تۆ ئەدا

که هاتی بۆ لام، شەو خەبەر ئەکەم
ڕۆژ و کاتژمێر دەس بە سەر ئەکەم
کە هاتی بۆ لام مانگ خامۆش ئەکەم
ناسنامە و ناوم فەرامۆش ئەکەم
وەها پڕ بە دڵ کەیلی مەیلی تۆم
پێم وایە کە تۆ بەشێکی لە خۆم
شەرتە وا عیشقت بە دڵ بسپێرم
لە ڕۆژی حەشریش ناوی تۆ بێرم
ڕۆژێ ئەتکەمە تاپۆێ شەیدایی
بمێنێتەوە هەتا هەتایی

هاوینی ۱۹۹۹

# ماڵئاوایی

دەم ئێوارەیە تیشکێ لە ئاسۆ
ڕەنگ ئەداتەوە لە چاوانی تۆ
دەم ئێوارەیە ڕەنگ زەردی پاییز
بۆتە میوانی هۆنراوەی ئازیز
هۆهۆ نازەنین بە جێم مەهێڵە
ئاسکی چاوانم لە شوێنت وێڵە

دەم ئێوارەیە مەست و نابەدڵ
یار بەڕێ ئەکەم بەرەو شاری گوڵ
خودا خودامە کۆچت درۆ بێ
هەتا هەتایی چاوم لە تۆ بێ
هۆهۆ نازەنین بە جێم مەهێڵە
ئاسکی چاوانم لە شوێنت وێڵە
من و ئێوارە کپ و بێقەرار
ڕەوانەی ئەکەین کۆچی تازەیار
ئەو ڕووناکایی ڕۆژی بەرزەناو
منیش سەرچاوگەی زێڕینی هەتاو
هۆهۆ نازەنین بە جێم مەهێڵە
ئاسکی چاوانم لە شوێنت وێڵە

پاییزی ٢٠٠١

## گوڵ ئاوات

عەزیزم کە دیتم قەرارم لە دەس چوو
لە ناو بێکەسیما کەسێ هات کەسەر بوو
کەسێ هات کە بێتە دلۆڤانی هەستم
لە ناو دەستی گەرمی بسووتێنی دەستم
ئەزانم ئەزانی کە ئارامی گیانی
لە چاوی تۆ هەڵدێ هەتاوی بەیانی

له ناو تۆفی زستان له ژێر هەڵمی گەرما
چ ڕەنگینە چەترێ هەڵی دا بە سەرما
چ تامێکی شیرینە تامی ئەوینت
چ گەرم و زوڵاڵە نیگاهی بەتینت
بە خێر بی عەزیزم هەوێنم گوڵ ئاوات
لە تووی نائومێدی ئومێدێ بەدی هات
عەزیزم بمێنە بمێنی ئەمێنم
لە تاریکی شەوما هەتاوێ ئەچێنم

لەندەن- هاوینی ٢٠٠٣

# دیدار

دیسان دیمەوە
لە چوار ڕێیانەی
وەرزێکی زیندوو
من گەرم و یاخی
ئەو کپ و ئارام
وەکو ڕابردوو

***

دیسان دیمەوە
لە ناو کەڵکەڵەی
خەوەکانمدا
لە ئایە ئایەی
بەرزی بێ خەوی
شەوەکانمدا

***

دیسان دێمەوە
لە ناو تان و پۆی
تا پۆی بەهاران
گوڵی بۆ هێنام
یانێ عاشقتم
وەک جاری جاران

سنە- هاوینی ٢٠٠٠

## دیاری

گۆرانییێک بۆ باڵات
شێعرێکی تەڕ بۆ چاوت
وەزنێکی ئاسمانی
بۆ کاکێشانی ناوت
نەختێ بەهار و بەفراو
بۆ سەر دێڕی عەشقمان

چۆڕێ خۆشەویستی خەس
بۆ تۆ و بۆ نیشتمان
هاوینە عەشقێکی گەش
بۆ کلی چاوەکانم
پاییزانی ڕەنگاوڕەنگ
سەرپۆشی بەیتەکانم
خۆشترین کاتی ژینم
تێکەڵی کاتەکانت
بزەیەک ئەویناوی
بۆ پێکەنینی جوانت
هەمووی ئەکەمە چرا
بۆ ژوورە تاریکەکەم
یان ئەیکەمە گوڵ ماچێ
لە بەرۆکی توێ ئەدەم

لەندەن ٢٠٠٢

# گۆم

له چاوەکانتا خۆم ئەخنکێنم
بەڵکوو لەو گۆمە ڕازێ دەربێنم
چاوە چاو ئەکەم تا ئاخر نەفەس
چاوێ هەڵبێنی ئەوسا نەمێنم
چاوت دامەخە یادی جاران کە
دیسان سەرتاپام هەنگوین باران کە

***

ئاخۆ دڵەکەت مەیلی بە کێیە
لە باخی سینگی کێ نیشتەجێیە
کێ لە سای باڵێت ئەحەسێتەوە
کێ لەو ڕێگایە ڕێبواری ڕێیە؟
چاوت دامەخە یادی جاران کە
دیسان سەر تا پام هەنگوین باران کە
***

با کەس نەزانێ کەوتوومە دوات
کەوتوومە گۆمی هەنگوینی چاوت
لە ناو دەفتەری یادەکانمدا
بە رەمز و هێما ئەنووسم ناوت
چاوت دامەخە یادی جاران کە
دیسان سەر تا پام هەنگوین باران کە

بەهاری ٢٠٠٠

## خۆرگیران

من و خۆرەتاو هەردوو ڕەشپۆشین
هەردووکمان کوورەی بە تین و جۆشین
ئەو عازیەتباری دووری زەوینە
ڕەش هەڵگەڕاوی مەرگی ئەوینە
منیش غەمباری دووری دڵدارم
ڕەشم پۆشاوە لە دووری یارم

بۆ دەرکەوتنی بێدەنگ ئەمێنم
دوو ڕکات نوێژی ئایەت ئەخوێنم
بەڵکوو دوعاکەم دەنگ بداتەوە
درگانەی شادیم لێ بکاتەوە
ئەمڕۆ من و خۆر هەردوو بێ نوورین
چونکوو لە باڵای ئازیزمان دوورین

هاوینی ١٩٩٩

## بەجێم مەهێڵە

بەجێم مەهێڵە هیوا و هەستی من
تۆ مانات داوە بە هەڵبەستی من
گوڵەکەم بێ تۆ چۆڵە ئەم شارە
شاری دڵەکەم بێ تۆ غەمبارە
وەرە با دیسان بحەسێمەوە
وەکوو خونچەگوڵ بشکۆفێمەوە

بەڵێنی بدەین پەیمان نەشکێنین
تا ڕۆژی نەمان بۆ یەک بمێنین
بەجێم مەهێڵە تاڵە تەنیایی
ئای لە تەم و تاو ڕۆژی جیایی
بە جێم مەهێڵە ئاگربارانە
دڵم بە تەمای مەیلی جارانە
هانێ دەستی من کوانێ ڕزگاری
هاوار لە شەو و لە ئەوینداری

هاوینی ١٩٩٩

## بێ تۆ

بێ تۆ ئەم شارە شەکەتە کانگای غەمە
کش و ماتە، چۆڵە، چمانێ ماتەمە
بێ تۆ نە تریفەی مانگەشەو، نە هەسارە
نە ڕۆژ و نە پرشنگی هەتاو دیارە
بێ تۆ باران کەزیەی هەستم نابزوێنێ
دەبارێ و تینوویەتیم ناشکێنێ

بێ تۆ کەس کۆرپەی چاوانم نالاوێنێ
هیچ لایەلایە و چیرۆکی نامخەوێنێ
بێ تۆ هەڵبەست و گۆرانی مەستم ناکا
کەچی دەستی هەستم کورتە و بە تۆ ناگا
بێ تۆ زەردە لە بەر چاوم سەوزەڵانی
وشکە چاوگەی پڕ لە تاسەی چاوی کانی
بێ تۆ ژینم چیرۆکێکی بێئاکامە
بێ مانایە، بێ سەرەتا و بێ ئەنجامە
ئەشکێ ئەژنۆی سات و کاتە بەتاڵەکان
هاوار لە من کە بێ تۆیی پشتمی شکان

هاوینی ١٩٩٩

# هاوسەفەر

وەک هەناسە لێم نزیکی
بەڵام دووری وێنەی ئاوات
وەکو عەشقە باڵا ئەکەم
لە دەوری نەمامی باڵات
هاوسەفەر هاوسەفەر هاوسەفەر هاوڕێم
کام نەیارێ بوو بە یارت کێ نیشتەجێم

هەستت ئەکەم تا شاری بوون
لێم نزیکی هەر وەکوو خۆم
گەر ناتبینم هەستت ئەکەم
ئەتۆ منی، منیش هەر تۆم
هاوسەفەر هاوسەفەر هاوسەفەر هاوڕێم
کام نەیارێ بوو بە یارت کێ نیشتەجێم
ئادەی... ئادەی بیشکێنین
قەڵای شەرم و لۆمە و یاسا
با تێکەڵ بێ هەناسەمان
ئازاد بین لە داوی دنیا
هاوسەفەر هاوسەفەر هاوسەفەر هاوڕێم
کام نەیارێ بوو بە یارت کێ نیشتەجێم

سلێمانی- بەهاری ٢٠٠١

# شارەکەم

باوەڕت بێ دوور لە تۆ دوورم لە خۆ
دوور لە تۆ، دەردی گرانم دێتە سۆ
باوەڕت بێ، بێ تۆ لێڵە چاوەکەم
ناوەکەت ناسنامەیە بۆ ناوەکەم
هۆ سنە هۆ شاری سەوز و بەرزەناو
تۆزەکەت ئەمباتە بەر ماڵی هەتاو

دوور له تۆ دوورم له یار و ئاشنا
کێو و کۆلان بۆنی مۆنی خاک ئەدا
دوور له تۆ بێ ڕەنگە شێوەی شادی یار
ناسرەوێ هەستم له هەورازی بەهار
هۆ سنه هۆ شاری سەوز و بەرزەناو
تۆزەکەت ئەمباته بەرماڵی هەتاو
کۆنه ئەلبومی ژیانم، کۆنەیار
وێنه هەڵگری غەمی یار و نەیار
ئەوەڵین ئێستگەی ئەوەڵ هەنگاوەکەم
ئاخرین وێستگەی دڵه بێتاوەکەم
هۆ سنه هۆ شاری سەوز و بەرزەناو
تۆزەکەت ئەمباته بەر ماڵی هەتاو

سنه- بەهاری ۲۰۰۱

# هاوار

تاکەی چاوانم جامی ئەسرین بێ
دڵم دڵنیای مەرگی ئەوین بێ
تاکەی نەتوانم دەنگێگ هەڵێنم
چیم لە دڵدایە هەڵی ڕژێنم
هۆ دڵەی سەرشێت کوانێ سەبووریت
بۆ کەسێ یاو کە بمرێ لە دووریت

تاکەی پەردەی شەرم تارا و سەرپۆشم
لە جامی ئەوین چۆڕێ نەنۆشم
تاکەی بژاکێم بە سەرپەنجەی قین
نەشکۆفێمەوە لە گوڵزاری ژین
هۆ دڵە سەرشێت کوانێ سەبووریت
بۆ کەسێ یاو کە بمرێ لە دووریت
من هاوار، من دەرد، من ئاور و ئاو
ئەوین و قین و جۆبار و لافاو
من تاوانباری سێوێکی سوورم
دەرکراوەکەی بەهەشتی دوورم
هۆ دڵە سەرشێت کوانێ سەبووریت
بۆ کەسێ یاو کە بمرێ لە دووریت

سنە- پاییزی ٢٠٠١

## غەریب

من لە ڕۆژئاوا ڕۆژان ئەژمێرم
بە تیشکی هەتاو پەیام ئەنێرم
تۆ لە ڕۆژهەڵات پڕی ئینتزار
ئەیخۆینییەوە نە یەک نە سەد جار
من شیرینەکەی عاشقی سەردەم
کوانێ دڵدارێ شەیدا وەکوو مەم

گەر ڕۆژێ شێعری دووریت بێتە سەر
بگاتە ئاکام چیرۆکی سەفەر
شەوی چاوانت ڕائەگرم بەتاو
ئەیکەم بە کل و ئەیکێشمە چاو
من شیرینەکەی عاشقی سەردەم
کوانێ فەرهادی شەیدا وەکو مەم
کەی لەم پاییزا دەرکەوێ بەهار
سەر بنێمە سەر سینگی خاکی یار
کەی لە تالاوی غوربەت بێمە دەر
کەی تاسەم بشکێ لە بالای ئاویەر
من شیرینەکەی عاشقی سەردەم
کوانێ دلداری شەیدا وەکو مەم
دوور ولاتەکەم دووریت دەردمە
ناوەکەت سووری گۆنای زەردمە
هۆ غەریبەکەم غەریبم لێرە
هەر تۆ ئەناسم نامە بنێرە

سنە- بەهاری ٢٠٠١

# تۆ فێرت کردم

تۆ فێرت کردم چۆن ڕێگا بیرم
له ئاسمانی ژین چۆنا و چۆن بفڕم
چۆن دەس نیشان کەم تیشکێ له هەتاو
سەراوا نەببینم له باتی شەتاو
هەیت و ئەمێنی گەرمی ماڵەکەم
تامی شیرینی ژینە تاڵەکەم

تۆ فێرت کردم نەرم و سادە بم
ئەوەڵ دڵ بگرم جا دڵدادە بم
هەمیشە سەوز و هەمیشە بەهار
زوڵاڵ و ڕەوان چمانێ ڕووبار
هەیت و ئەمێنی گەرمیماڵەکەم
تامی شیرینی ژینە تاڵەکەم
تۆ فێرت کردم دڵ نەدەم بە غەم
هەر غەم بانگم کا، من هەر گوێ نەدەم
ژێر و ژوورت کرد باوەڕەکانم
خۆت بوویتە هێز و هۆی ڕاوستانم
هەیت و ئەمێنی گەرمی ماڵەکەم
تامی شیرینی ژینە تاڵەکەم

سنە - هاوینی ٢٠٠٣

# گیان

له فەوتانا سەری هەڵداوە خێڵم
هەتایی هەر بووە و هەر ماوە خێڵم
له نەخشی تابلۆی هەر شوێن پێیکا
نەمامێک و گوڵێکی سوور ئەکێڵم
ئەسیری عەشقێکی پڕ کارەساتین

ئەگەر ماوین بە هۆی ئەو عەشقە ماوین
وەکو ماسی کە دێتە داوی دەریا
بە تامەزرۆیی تنۆکێ تامی ئاوین
لەسەر دیواری شارانا ئەنووسین:
بەهارێکم دەوێ ماڵێ لە تاسە
لەتێ نان و تکێ ئاو، دەفتەرێ ناو
هەوایەک تازە و نەختێ هەناسە
لە گێژاوەی گەڕانی چەرخی گەردوون
بە خولیایی مانەوە گەردانین ئێمە
لە هەرکوێ بین لە هەر کوێ ئۆقرە بگرین
بە باڵای ئەو هەرێما گیانین ئێمە

هەولێر- پاییزی ٢٠٠٢

# زەماوەن

جووتێ مەلی عیشق بوون بە هاوسەفەر
بوون بە هاوڕاز و هاودەم و هاوسەر
کوڕ و کچێکی دەم بە پێکەنین
ئەمشەو ئەبەسن هێلانەی ئەوین
زاوا لە بەرەی پاکی هەتاوە

کچ دەس نیشانی خواژنی ئاوە
خێڵی زەماوەن سەرگەرمی بادەن
شەریکی شادی ئەو دوو دڵدادەن
بازنەی هەڵپەڕکێ ڕەنگاوڕەنگە و جوان
هەم پوولەک ڕێزەو هەم پوولەک باران
ئاخۆ لەم بەزما چەن کەس یەک بگرن
چەن دۆس بە گرشەی چاوی یەک بمرن
چەندین ناونیشان ئاڵ و گۆڕ ئەبێ
چەن دڵ بە نرخی یەک بزە ئەچێ
هەی هەی لە خرنگەی پاموورەی نەوبووک
لار و لەنجەکەی بووکی ئیسک سووک
بەە بەە لە سەمای سەرچۆپی زاوا
دایکی بووکەخان سەد جار ماڵئاوا

سنە- هاوینی ٢٠٠٣

## دڵتەنگی

دڵم تەنگە دڵم تەنگە
گوڵی ئەم شارە بێڕەنگە
من و هاوار و دۆس تەنیاین
لە نێوان ئەم هەموو دەنگە
***

دڵم تەنگە بۆ چەم و ئاو
یەک دوو پێک شەربەتی شەتاو
لە جامی زەردی ئێوارە
چنینی گوڵ چەپکەی هەتاو
***

دڵم تەنگە بۆ شاری سوور
تا ئاستی خەونەکانم دوور
شاری دڵ سووتاوی غەمین
بۆ پەرستگەی ئێلێهەی نوور
***

دڵم تەنگە بۆ شارەکەم
ژینگەی کۆنە دڵدارەکەم
پڕم لە دوور یادی خۆشی
عەشقی پارو پێرارەکەم
***

دڵم دەریاییە دەریاس
زولێڵە شینە بێپەرواس
زەمانێ ئاشق و ئارام
دەمێ تۆفانی و دەریاس
دڵم تەنگە پەرێشانە
لە یەکڕەنگی پەشیمانە

نە بەندی مانەوە و ژینە
نە چاوەڕوانی دەرمانە
***

دڵم تەنگە لە ئەم شارە
لە ئەم شارە بریندارە
لە لایەک دەنگی بێدەنگی
لە ئەولا هات و هاوارە

بەهاری ٢٠٠٠

# دابڕان

عەزیزم دابڕانم لێت مەحاڵە
ئەزانم تۆش بە دڵ وای لەو خەیاڵە
ئەبێ دابین بە ئەو بڕیارە تاڵە
کە ژینمان دووریەک تاڵە، بەتاڵە
ئەگەر وتیان کێیە شەیدا؟ بڵێ من

کێیە ڕسواترین رسوا؟ بڵێ من
ئەگەر وتیان لە شاری شێتەکانا
کێیە سەر شێت ترە؟ کێ شاە؟ بڵێ من
عەزیزم گەر بپرسن یار؟ ئەڵێم تۆ
بپرسن تەک هەسارەی شار؟ ئەڵێم تۆ
کە هاتن یەک لە سەدها هەڵبژێرن
نە یەک جار و نە دوو، سەد جار ئەڵێم تۆ
دەبا بمرن بسووتێن خێڵی شەویار
کە تێ ناگەن چیە عیشق، چۆنە هاوار
دەبا لەو بارەوە کۆنە بمێنن
کە خۆش ویستن گوناهە و دڵ گوناهبارە

سنە- پاییزی ٢٠٠٣

# تۆران

دیسان ببە میوانم
میوانی باغی گیانم
با وێنەکەت ڕابگرم
لە قاپی چاوەکانم
دیسان بتبینمەوە
لە ئەلبۆمی ئەم شەوە
بانگم کە وەکو جاران
دەرم بێنە لەم خەوە
خۆزگە، خۆزگە
ئەمتوانی بۆ یەک جار

خۆم زەنجیر کەم          لە چاوانی دڵدار
کانیاوی تاسەمان هەتا هەتایە وشک نابێ
نا... نا... نا... بڕوا ناکەم دڵی تۆ لە من ڕەنجابێ
بی تو شعر من خسته     واژەهایم سرگردان
قاصدک پاییزم          در متن بهاری عریان
بی تو آوازی غریب       یک سرود نیمەجان
آهنگی ناشنیده          در شاەنت نرم باران
با من، بامن           دوباره با من باش
در چشمانت           لانه کنم ای کاش
آوای پرواز ما جاریست در دشت زمان
نیمەی سبز تنم ریشه بزن با من بمان
شیعرم سەری لێشێوا      باڵی پەروازم سووتا
کۆرپەی هەستم بێنازە     هەوێنەکەم لێ تۆرا
دیسان گوڵم بۆ بێنە       دڵی گوڵت مەشکێنە
خۆشەویستیت گەوهەرە     ئازیز لێمی مەسێنە
خۆزگە خۆزگە ئەمتوانی وەکو پار
گوڵ باران بم لە بۆی هەناسەی یار
بی تو شعر من خسته     واژەهایم سرگردان
قاصدک پاییزم          در متن بهاری عریان
بی تو آوازی غریب       یک سرود نیمەجان
آهنگی ناشنیده          در شاەنت نرم باران

با من، با من　　　دوباره با من باش
در چشمانت　　　لانه کنم ای کاش
آوای پرواز ما　　　جاریست در دشت زمان
نیمه‌ی سبز تنم　　　ریشه بزن با من بمان

سنه- هاوینی ۲۰۰۳

## پاییز

دووبارە دیمەی ئیوارەی پاییز
لە قابی زەردی فەسلی گەلاریز
پاییز رەونەق گرت وە نەفەسی یار
دەرچوو تەم و غەم لە جەستەی بیمار
دووبارە دیمەی هەمیشە وەهار

جوور ئەوسا سەوز و گەش و بیقەرار
ئەو وەهاری رەنگ، من زەرد چوو خەزان
منلە گیان کەندن، ئەو لە گولواران
دووبارە دیمەی چمانی سەراو
سەراو چە بویشم خودی خوەرەتاو
وەنیم نگاهی یادی جاران کرد
ئازای ئەنامم هەنگوینواران کرد
دووبارە دیمەی ئیوارەی پاییز
پەیمانەی سەبرم لەبریز بی لەبریز
سلامی کردم، گولی وەپی دام
وت گول ئەرای چە؟ من خود گولسیمام

کرماشان- پاییزی ۲۰۰۳

# یاخی

من ئەو گوڵە نیم کە ڕیشەم لە خاک گیر بێ
سەرم سەرسەوز و گەش، پام بەندی زنجیر بێ
لە قاپی پەنجەرە دڵ بەرم لە ڕێبوار
بەڵام دڵەکەی خۆم، لە ژووری ئەسیر بێ
ئەگەر ڕۆژێ دەستێ نەبێ تێرئاوم کا

گەڵا گەڵای لەشم بژاکێ و پیر بێ
من ئەو گوڵە زیزەم کە گوڵدان ئەشکێنم
بێ پەنجەرە و شووشە باڵای خۆم ئەنوێنم
من ئەو گوڵە نیم کە ڕازی بم بە گوڵدان
بە ژینێکی سادە ئارام ئارام گیان دان
ڕازی نابم هەرگیز لە سێبەرا بمرم
دوور لە هەوای تازە بێ عەشقی سەر هەڵدان
بێزارم لەم ماڵە، لە پەنجەرە و شووشە
سەفەرە ئاکامم، سەفەر بەرەو باران
من ئەو گوڵە زیزەم کە گوڵدان ئەشکێنم
بێ پەنجەرە و شووشە باڵای خۆم ئەنوێنم

سنە– پاییزی ٢٠٠٣

## عاشقانه

بیا ز نو عاشق شویم
با تو نمی‌ترسم ز کس
با تو رها و یاغیم
از بند و زنجیر و قفس
هر روز و هر شب هر نفس

هر دم گواهی می‌دهیم
گر این جهان ویران شود
هم سرنوشت و هم رهیم

دیسان وەرە سازکەین بە دڵ
قەسرێ لە تان و پۆی ئەوین
تا دەفتەری دڵداریمان
مۆر کەین بە رەنگ و بۆی ئەوین
تا رۆژی ماوم هەر ئەڵێم
تۆ هەر منی و من  ئەتۆم
لە دوو ڕێیانەی سەرە مەرگ
ئەڵێم تۆ بەشێکی لە خۆم

بیا ز نو بر پا کنیم
قصری ز تار و پود عشق
در دفتر دلدادگی
مُهری زنیم بر بود عشق
من گم شدم در نام تو
تو زنده در الهام من
زنده کنم یاد ترا
در واژه‌های این سخن

دیسان وەرە سازکەین بە دڵ
قەسرێ لە تان و پۆی ئەوین
تا دەفتەری دڵداریمان
مۆر کەین بە رەنگ و بۆی ئەوین
تا رۆژی ماوم هەر ئەڵێم
تۆ هەر منی و من ئەتۆم
لە دوو ڕێیانەی سەرە مەرگ
ئەڵێم تۆ بەشێکی لە خۆم

بیا دوباره هم شویم
بی هم سرابیم و خراب
با هم چه غوغا می‌کنیم
در لحظه‌های اضطراب
ما رهرو یک کاروان
هر دو ز نسل ما تمیم
گر این جهان ویران شود
ما عاشقانه با همیم

زمستان ۲۰۰۳

# من و تۆ

دوو ئەستێرەین من و تۆ
لە ئاسمانی تەسکی ژین
تۆ رۆحی عاشقی مەم
بۆت ئەمرم وەک خاتووزین
من و تۆ یەک حەکایەت

یەک شێعر و یەک کەلامین
لە دەفتەری جیهانا
سۆزی بە سۆی یەک زامین
من شاکچی ولێتی شازادەی خۆرەتاوم
بە هێزی ئەفسوونی خەو وەرە ناو قەلێی چاوم
دوو کۆترین من و تۆ
گروی ئێلاهەی ئەوین
دوو کەس دوو ناو دوو جەستە
بەلێم بە گیان یەکێکین
من و تۆ خەڵکی شاری
دەرد و بەرد و هاوارین
لە ناو بێدەنگی شەوا
بەرزترین دەنگی شارین
من شاکچی ولێتی شازادەی خۆرەتاوم
بە هێزی ئەفسونی خەو وەرە ناو قەلێی چاوم

سنە- پاییزی ٢٠٠١

## عیشق ئاوا

کەنی لە خوڕەی فرمێسکت هەژام
بە هەڵمی گەرمی هەناسەت برژام
ژێر و ژوورم کرد خاکی غەریبی
بووم بە هاوارێ بە سەریا رژام
کەنی بوێرە لەم شارەکوێرە
بینایی دڵت بە کەس مەسپێرە

***

هەردووکمان گرۆی یەک خاک و ئاوین
هەر دوو بە پرشەی یەک خۆر سووتاوین
هەر دوو ئاشنای بۆنی شارێکین
دڵ بە دوای عەشقی کۆنە یارێکین
کەنی بوێرە لەم شارەکوێرە
بینایی دڵت بە کەس مەسپێرە

***

هەر دوو ژیلەمۆی گڕکانی خامۆش
خۆڵەمێشێکی دەروون پڕ لە جۆش
هەر دوو ناسنامەی ولێتی عەشقین
بە یەکتر ئەگەین گەرچی کفنپۆش
کەنی بوێرە لەم شارەکوێرە
بینایی دڵت بە کەس مەسپێرە
هەر دوو میوانی تاراوگەی غوربەت
بەرەی پیرۆزی سەردەمی نەفرەت
هەر دوو ڕێبواری ڕێی هات و نەهات
هەر دوو دانیشتووی عشق ئاوای حەسرەت
کەنی بوێرە لەم شارەکوێرە
بینایی دڵت بە کەس مەسپێرە

زستانی ٢٠٠٢ لەندەن

## هانێ دڵ

ئەگەر ئەمزانی ڕۆژێ دی
بالێت ئەکەیتە سێبەرم
لە پرشنگی جوانی هەتاو
کراسێکم ئەکردە بەرم
ئازیزم هانێ دڵ هانێ
بگرە دەستم دەستت کوانێ

***

ئەگەر ئەمزانی ڕۆژێ دی
بە دیاری خۆتم بۆ دێنی
ئەهاتمە پیریتەوە
خۆم بەخت ئەکرد لە مزگێنی
ئازیزم هانێ دڵ هانێ
بگرە دەستم دەستت کوانێ

***

ئەگەر ئەمزانی ڕۆژێ دی
لە چاوتا خۆ بنەخشێنم
باڵێم ئەکردە پەڕەی گوڵ
نەکا چاوت بڕەنجێنم
ئازیزم هانێ دڵ هانێ
بگرە دەستم دەستت کوانێ

***

ئەگەر ئەمزانی ڕۆژی دی
ئەم ژیێنی مەسێحایی
لە ژێر خاچی ئینتزارا
گیانم ئەدا بە ئاسایی
ئازیزم هانێ دڵ هانێ
بگرە دەستم دەستت کوانێ

بەهاری ٢٠٠٠

# مەلی خەیاڵ

کۆتری سپی خەیاڵم ئەنێرم بۆ لات
لە جیاتی من تەواف کا نەمامی باڵێت
گەرچی کۆتر ئازادە و ئاشقی هەڵفڕین
بڕوانە چۆن دێتە ناو قەفەزی زێڕین
مەڵی خەیاڵم گروی دواتە

ویڵی ولێتی قووڵی چاوته

***

ئادەی جارجار بمکە سەر بپرسە حاڵم
تۆ میوان بی ئازیزم کەی خاوەن ماڵم
بەخێر بی شۆڕەسواری سەحرای ئەوینم
بۆ تۆوە دەنگ هەڵدێنم پاییز نابینم
مەلی خەیاڵم گرۆی دواتە
ویڵی ولێتی قووڵی چاوتە

پاییزی ٢٠٠٠

## عەزرەت

وەرە بمبینە چۆن بێ تۆ
لە خۆ بووم و پەریشانم
بە گیانی تو قەسەم گیانا
پڕی گۆرانییە گیانم
بەوە بڕوانم نەبوو هەرگیز

نەبم ئازیزی تۆ ئازیز
گوڵی یادم بژاکێنی
بە سەر پەنجەت وەکوو پاییز
سەرانسەر عەزرەتە گیانم
وەرە بانگم کە وەک جاران
وەرە بمخوێنەوە دیسان
وەکوو شیعرێ بە زاری گیان
ئەزانم دیت و گوڵ دێنی
بە سەرما گوڵ ئەبارێنی
لە جیژنی ئاشتی و عەشقا
هەزاران گوڵ ئەنەخشێنی

زستانی ٢٠٠١

## یار هات

که له ماڵ دەرهات
وەرز بوو به بەهار
ساڵ و مانگ گۆڕا
قوو کەوته ناو شار
له دەرکەوتنی
شای سروشت هەستا
هەزاران نەفەر

سەریان لێ شێوا
فێنک و زوڵاڵە
وەک بەفراو هاوین
خۆش ڕەوت خۆش نەما
تام و چێژ شیرین
کە لە ماڵ دەرهات
خۆر سەری هەڵدا
گرشەی چاوی دۆس
تاریکی پێکا
لەم لاوە ئەو هات
لەو لاو شەو دەرچوو
شەڕە شەوقی یار
کارەساتێ بوو
هات بە گەرمای لەش
گڕگڕانی کرد
وەک ئاورپژێن
گڕبارانی کرد
کە لە ماڵ دەرهات
گۆل خۆی شاردەوە
وتی: لێم گەڕێن
کچی گوڵ ئەوە
لەم لاوە ئەو هات
لەولا گوڵ تۆرا
یار لەخۆبایی

تەنپۆشی لادا
هەی هەی لەو باغە
چ پڕ سەمەرە
بۆ دەستی گوڵچن
جێگای خەتەرە

بەهاری ٢٠٠٣

## غەریب

من لە ڕۆژئاوا ڕۆژان ئەژمێرم
بە تیشکی هەتاو پەیام ئەنێرم
تۆ لە ڕۆژهەلێت پڕی ئینتزار
ئەیخوێنییەوە نە یەک نە سەد جار
من شیرینەکەی عاشقی سەردەم
کوانیێ دڵداریێ شەیدا وەکو مەم

گەر ڕۆژی شێعری دووریت بێتە سەر
بگاتە ئاکام چیرۆکی سەفەر
شەوی چاوانت ڕائەگرم بە تاو
ئەیکەم بە کل و ئەیکێشمە چاو
من شیرینەکەی عاشقی سەردەم
کوانێ دڵدارێ شەیدا وەکو مەم
کەی لەم پاییزا درەکەوێ بەهار
سەر بنێمە سەر سینگی خاکی یار
کەی لە تالێوی غوربەت بێمە دەر
کەی تاسەم بشکێ لە باڵێی ئاویەر
من شیرینەکەی عاشقی سەردەم
کوانێ دڵدارێ شەیدا وەکو مەم
دوور ولێتەکەم دووریت دەردمە
ناوەکەت سووری گۆنای زەردمە
هۆ غەریبەکەم غەریبم لێرە
هەر تۆ ئەناسم نامە بنێرە

سنە ٢٠٠١

# جێگات خاڵی

لەناو قاپی چاوەکانم
ئەی هاو نەفەس
ئەگەرچی نیت
جێگات خاڵی
لە خەڵوەتی تەنیائیما

ئەی تەنیا کەس
گەرچی کە نیم
جێگام خاڵی
ئەو کاتەی کە شیعرەکانم
سەرشێتانە ئەبنە هاوار
جێگات خاڵی
کاتێ کە ئەسرینی وشەت
دڵۆپ دڵۆپ ئەڕژێتە خوار
جێگام خاڵی
کاتێ بێ تۆ دانە دانە
غەم ئەژمێرم
جێگات خاڵی
ئەو کاتەی کە نەترسانە
هەزار هەزار ڕێ ئەپێوی
جێگام خاڵی

پاییزی ٢٠٠٣

## نەهات

من نازانم لە لاپەڕەی
کام چیرۆکا سەرم هەڵدا
لە ڕابردووی کام نەتەوە
خوێنم گرساو بووم بە ئەمە
کە هەرچی دێتە سەر زارم

سروودی زام و مەرهەمە
نازانم چەرخەی ژیانم
لە کوێ هات و بۆ کوێ ئەچێ
لە کام شارۆچکە هەڵمی گرت
لە کام سەرزەوی دامئەنێ
چۆن دەرچم لەم بەسەرهاتە
چلۆن ماوم؟ خۆیشم ماتم
ئاخۆ بە حوکمی کام قازی
بەرەو ئەم نەهاتە هاتم

زستانی ۲۰۰۳

## چاوەڕێ

لەسەردا بێ، دا وەرە
هاتوچوو کە لەم بەرە
عاشق کوژانە ئەمڕۆ
قیامەتە، مەحشەرە
دەر کەوە ڕۆژ بێتەوە

دەرم بێنە لەم خەوە
تۆ نیت ناوێرم هەستم
هێشتا پێم وایە خەوە
چاوە گیان هەی ئامانە
لە دوای تۆ چاو بەسانە
چی دەڵیی چارەم چیە
چاوەڕێم مەکە گیانە
وەکو جاران سەرکەوە
نەختە نەختە دەرکەوە
باوشم ئاوەڵایە
فەرموو ساتێ بسڕەوە
دەرکەوە گیانی خودات
تۆبیت و قیبلەی باڵات
نەک دێر بیت و من نەبم
لە دەس دەرچێ کات و سات
چاوە گیان هەی ئامانە
لە دوای تۆ چاو بەسانە
چی دەڵێی چارەم چیە
چاوەڕێم مەکە گیانە

زستانی ٢٠٠٣

## هاو نەفەس

هاوسێ و هاو دەم    هاو نشینەکەم
هێز و شاباڵی        هەڵفڕینەکەم
هاوڕیشە هاوڕەنگ    هاوسەنگەرەکەم
هاوڕێی ئەم ڕێیە  هاوسەفەرەکەم
شان بە شانم بە نەفەس بە نەفەس

پەڕی پەروازم هەر تۆیت و بەس
هاو دڵ و هاودەنگ    هەم ئاوازەکەم
گەنجینەی وشە گەورە ڕازەکەم
هاودەرد هاوئەحواڵ  هاوبیروڕاکەم
هەست و هۆی ژیان تاکە خوداکەم
شان بە شانم بە تا ئاخر نەفەس
قیبلەی نیازم هەر تۆیت و بەس

زستانی ٢٠٠٣

## شەو

ئەمشەو هەستێکی غەریب
خەریکە ئەمهەژێنێ
لە خۆوە بێ مەی مەستم
مەستی چیم بەسەر دێنی
نە هێزی مانەوەم هەس

نە ڕێگای دەرچوون ماوە
گەر دەستێ دەستم نەگرێ
ئەخنکێم لەم گێژاوە
نا... نا... ناهێڵم بمرم
لە سووچێ ئارام بگرم
خۆ ئەسپێرم بە دەریا
بزانم بەرەو کوێ ئەمبا
ئەمشەو بەس خەیاڵاویم
سەد خەیاڵم لەسەرە
بێگانەم لە خۆم لە ژین
سەرخۆشم لەم سەفەرە
خەیاڵ ئەمبا بەرەو دوور
تاگەیشتن بە ئاوات
ئاخۆ شەپۆلی سەرکەش
بەرەو کام دوورگەم ئەبات
نا... نا... ناهێڵم بمرم
لە سووچێ ئارام بگرم
خۆ ئەسپێرم بە دەریا
بزانم بەرەو کوێم ئەبا

زستانی ٢٠٠٤

## جێ ژوان

چاوەڕوانە جێ ژوان
چراخانە جێ ژوان
بۆ سرتەی ئەوینداران
بێقەراران ساتەکان
لەم لامن لەولا یار

هاتین بە شەوقی دیدار
کاتی بە یەک گەیشتن
هەم تۆ بێدەنگی هەم من
وشەکان دێنە سەما
گەرمی بزەیە و نێگا
لەم  لامن لەولا یار
کات ئەژمێرین بۆ دیدار
خوشترین چرکەی ئەوین
ساتی قەوڵ و قەرارە
شەوق و پەلە و لەرزەی دڵ
خورپەی، هەزار هەزارە
لەم  لامن لەولا یار
ئەمرین بۆ لە حەزەی دیدار
جیَ ژوانی من و تۆ
فێرگەی ئەویندارانە
هەر کەسێ دڵ بسپێرێ
لە ئەم ژوورە میوانە
لەم  لامن لەولا یار
کات ئەژمێرین بۆ دیدار
تا باڵای ئازیزەکەم
لە دوورەوە دیارە

دەس و دڵم ئەلەرزێ
چمانێ ئەوەڵ جارە
لەم لامن لەولا یار
کات ئەژمێرین بۆ دیدار

زستانی ٢٠٠٣

## تابلۆی پاییز

من و پاییز و ژوورێکی بێدەنگ
پڕی پەنجەرەم سرۆشتی سەد رەنگ
ئەم بەر منم و خەیاڵی ئازیز
ئەو بەری شووشە شکووهی پاییز
گەڵا بە گەڵا هاتوونە سەما

داری ڕووت و قووت تەن پۆشی نەما
منیش زەرد و ڕووت لە خۆ بێزارم
هاوڕەنگی گەڵا هاو دەردی دارم
ئەگەر یەک بگرین دیسان من و یار
وەرزی دڵی تەنگیم ئەبێتە بەهار
یەکێ دوو ڕۆژە نێوان شێواوە
دڵتەنگی دووریم خەزان بەدناوە
ماڵە چۆڵەکەم چاوو ئینتیزارە
فێری هەناسە و بۆنی بەهارە
نە ماوە لە دەشت تاڤ و تەراوەت
دەشت و دەری چی؟ بارەگای خەفەت
سرۆشت هاتە خوار لە تەختی شاهی
نێشتە سەرشانی رەنگ بێوەفایی

پاییزی ٢٠٠٣

# پەڕی پەرواز

بۆ مەرزیە

مەلێ هەڵفڕی بەرەو کاکێشان
بەرەو جیهانێ بەرزتر لە ژیان
بوو بە ئەستێرە، بوو بە زریۆە
بوو بە هاوڕازی شەوی ئاسمان
***

پەلاماریدا رەشەبای سەر کەش
مەل و هێلانەی بەرەو نەهات برد
مەل گەڕایەوە باوەشی وڵات
لە ئاکام وەسڵی خاکی تاقی کرد
***
لە ناکاو پەڕی پەروازی دەر کرد
جگە لە حەسرەت کۆڵێکی نەبرد
لە گەرمیانا هات و هاوارە
لە عەشقی بەهار کۆچەری یەک مرد
***
کوا دیسان چریکە کوانێ ئاواز
نەفرەتی قەفەس ئارەزووی پەرواز
کوا شۆڕە ژنێ شار بهەژێنێ
بە شۆڕشی شێعر بە شیوە نیساز

پاییزی ٢٠٠٥

## بیرەوەری

بڵێ دیسان لە ناخی دڵ
دوو سێ بەیت شێعری سۆرانی
ئەتۆ هەڵ کە گڕێکی‌تر
منیش ئەیکەم بەگۆرانی
لە دڵتا هێشتا مەستوورە
خەمی عەشقێکی پەنهانی

هەزار خۆزگە لە ئەیارە
کە تۆ بە مەحرەمت زانی
***

تەلار و یار و دڵ لەولا
لەشی ماندوو لە سیوانە
هەزاران خاترە لەملا
لەوێ رۆحە کە وەیلانە
لە لایەک مەستی چاوی یار
لە لایەک مەستی عێرفانی
لە نێوانی دوو مەعشووقا
سەرو ماڵت بە هیچ زانی
بڵێ ئەوهەست وئێلهامەت
لە کام سەر چاوەدەرهانی
کە واسەر شێت و بێ پەروا
نەترسای لە پەشیمانی
دڵی شاری قەڵەم تەنگە
لە ئەو کۆچە غەریبانە
برۆ یادت بەخێر خانم
کە بێ تۆ یانە وێرانە

پاییزی ٢٠٠٥

## هاونەفەس

هاوسێ و هاودەم            هاونشینەکەم
هێز و شاباڵی            هەڵفڕینەکەم
هاوڕیشە هاوڕەنگ            هاوسەنگەرەکەم
هاوڕێی ئەم ڕێیە            هاوسەفەرەکەم
شان بە شانم بە            نەفەس بە نەفەس
پەڕی پەروازم            هەر تۆیت و بەس

هاودڵ و هاودەنگ    هەم ئاوازەکەم
گەنجینەی وشە    گەورە ڕازەکەم
هاودەرد، هاوئەحواڵ    هاوبیر و ڕاکەم
هەست و هۆی ژیان    تاکە خوداکەم
شان بە شانم بە    نەفەس بە نەفەس
قیبلەی نیازم    هەر تۆیت و بەس

بە هاری ٢٠٠٤

## گوڵ ڕێزان

یار یار کوانێ یار؟
بانگەواز کەن لە شار
بە زوڵفی چاو خاسان
عەشقیان داوە لە دار
دەس دەس دەس بێنە

با ببینە یەک دەس
حەیفە تۆ لە دوای من
بگری دەستی ناکەس
یەک دوو سێ ڕۆژە
نێوانمان شێواوە
نە تۆ بەکەیفی
نە من شەوقم ماوە
گوڵ گوڵ گوڵ بێنن
لەو بەری چەمەوە
پێم وایە تۆرا بێ
با ئاشتی کەمەوە
گوڵ گوڵ گوڵ بێنن
چەپک چەپک هەزار
ئاخۆ کێ بی با
بە ناو نیشانی یار
گوڵ گوڵ گوڵ بێنن
با گوڵ ڕێزانی کەم
وەک باخچەی بەهار
فرمێسک بارانی کەم

زستانی ٢٠٠٣

## دیاری ٢

هاتیتەوە و بۆمت هێنا
گوڵێکی زەردی شۆرانی
گوڵەکەتم دا لە قژم
کردم بە شێعر و گۆرانی
هاتیتەوە و بۆمت هێنا
عەترێکی تایبەتی خوش بۆ

بەڵام هیچ عەتر و گوڵاوێ

نادا بۆنی هەناسەی تۆ

هاتیتەوە و بۆمت هێنا

ئەڵقەی و ملوانکەیەک زێرین

نامەوێ زێر و عەتر و گوڵ

هەر تۆم دەوێ لە باتی ژین

پاییزی ٢٠٠٢

## چاوەڕێی

لەسەر دا بێ، دا وەرە
هاتوچوو کە لەم بەرە
عاشق کوژانە لێرە
قیامەتە، مەحشەرە
دەرکەوە ڕۆژ بێتەوە

دەرم بێنە لەم خەوە
تۆ نیت ناوێرم هەستم
هێشتا پێم وایە خەوە
چاوە گیان هەی ئامانە
لە دوای تۆ چاوبەسانە
چی دەڵێی چارەم چیە
چاوەڕێم مەکە گیانە
وەکوو جاران دەرکەوە
نەختە نەختە سەرکەوە
باوەشم ئاوەڵایە
فەرموو ساتێ بسرەوە
دەرکەوە گیانی خودات
تۆ بیت و قیبلەی باڵات
نەکا دێر بیت، نەمێنم
لە دەس دەرچێ کات و سات
چاوە گیان هەی ئامانە
لە دوای تۆ چاوە بەسانە
چی دەڵێی چارەم چیە
چاوەڕێم مەکە گیانە

پاییزی ٢٠٠٣

## شێتانه !!

شێتی شێتێکم          له خۆم سەر شێت‌تر
له شێستانا          شێتۆکی ئاخر
شێتی شێتێکم          شای شێتەکانه
جۆره شێتێکه          ئەو شێته جوانه

بەهاری ٢٠٠٤

## شەهرزاد

هاودەم و هاوسەر هاو نەفەس هاوڕێ
دڵ ئەدەم بە تۆ ئەی بیدەم بە کێ
هەناسەی بۆ تۆ لە ناخ نەیتە دەر
خودای عاشقان بێ بڕێ یەکسەر
لە گۆرەپانی سەر شێتی ئەوین

دێمه کێ بەر کێ لەیل و خاتووزین
ئازیزم خۆزگه ئارام و نمنم
شەهرزاد ئاسا بە میوانت بم
هەزار و یەک شەو لە لات بمێنم
هەر شەو چیرۆکێ تازه بخوێنم
لە گۆڕەپانی سەر شێتی ئەوین
دێمه کێ بەرکێ لیل و خاتووزین
حەیف بەداخەوە لەم سەر دەمه
ئوستوورەی ئەوین هەر نییه کەمه
ئەمه من یەکێ کوانێ هاوسەفەر
هەر کەس ناترسێ سەر بێنێتەدەر
لە گۆرەپانی سەر شێتی ئەوین
دێمه کێبەرکێی لەیل و خاتووزین

سنه هاوینی ٢٠٠٥

## باوان بۆ کویێ؟

له دایک بوونمان هەر جارێکە
بەڵام مەرگ ڕۆژی سەد جارە
هەوای هەناسە ژارئاوی
گەورە قەفەسە ئەم شارە
بۆ کویێ باوان، باوان بۆ کۆیێ؟
بەرەو کام شار دوورگە نەبێ

ئاسمانی کوێ، لێرە شین‌تر
یان شەقامەکان، بەرین‌تر؟
دڵمان نەک بە تیری دوژمن
لە تانەی دۆس بریندارە
دەردە داران تەرە و غەریب
نە دۆس دۆسە، نە یار یارە
بۆ کۆێ باوان، باوان بۆ کوێ؟
بەرەو کام شار دوورگە نەبێ
ئاسمانی کوێ، لێرە شین‌تر
یان شەقامەکان، بەرین‌تر؟

هەتاو کۆچی دوایی کردوە
ڕۆژ تاریک و عازیەتبارە
شار لە ژێر تەزی سەرماوەز
چاو بە دوای هاوینی پارە

بۆ کوێ باوان، باوان بۆ کۆێ؟
بەرەو کام شار دوورگە نەبێ
ئاسمانی کوێ، لێرە شین‌تر
یان شەقامەکان، بەرین‌تر؟

پاییزی ٢٠٠٥

## ماڵ ئاوا

ئازیز ماڵ ئاوا ئاخر مەنزڵە
ئاخرین پرسەی خێڵ خانەی دڵە
دوایین کۆچی تۆ دوا هەناسەمە
دەس پێکردنی مەیل و تاسەمە
وێرانت کردم ماڵ وێران نەبی
بڕۆ لە دوای من ئاوەدان نەبی

وتیان بۆ کەسێ یاوکە بۆت بمرێ
تاو و یاومە کێ دەستم بگرێ
وتت مەترسە بێ بگرە دەستم

لە کەس نەترسام بووم بە هاونەفەس
نەمزانی دەستت ئەبێتە قەفەس
هەم من دڵنیام هەم تۆ خاترجەم
لێک نابێنەوە بە چاوت قەسەم

پاییزی ٢٠٠٥

## هاتی

له ئەو ڕۆژە خۆت پێ نواندم
عەشق سەری هەڵدا لە گیانما چاندم
بەژن و باڵا و چاو بوو بە بەندوداو
ڕێ در چوون نەما سووتام لە ناکاو
هاکا شێتانە هاوار کەم لە شار
دەرخەم لە پەردە ناو نیشانی یار

بڵێم ئەو دوستەی من هەڵم بژارد
باش هاتە مەیدان جوان دڵی سپارد
خۆزگە ئازیزم لە کاتی مردن
تۆ بیتە سەرم بۆ پرسیار کردن
بە گەرمی لێوت یان بە هەناسە
زیندوو کەیتەوە گیانی بە تاسە

پاییزی ٢٠٠٥

## چ ڕوژێ بێ؟

ئەگەر ڕۆژێ    میوانم کەی    بە چاوەکانت
خۆم غەرق ئەکەم    دەرناکەوەم    هەتا هەتایی
غەمم نییە    زنجیری بم    لەو بەندیخانە
نوقمی شەو بم    قەت نەگەیێم    بە ڕووناکایی
ئاخۆ کەی بێ    چ ڕۆژی بێ    گوڵم بۆ بێنی

قەسەم بە گوڵ     ئازیەتیش بێ     ئەیکەم بە شایی
ئەگەر ڕۆژێ     بۆم بنێری     مزگێنی ماچێ
وەری ئەگرم     با سارێژ بێ     زامی جیایی
سەد بیمار بم     سەد بریندار     تامی لێوی تۆ
ئەمهێنێتە     بازنەی سەما     مەسیح ئاسایی
ئاخۆ کەی بێ     چ ڕۆژی بێ     گوڵم بۆ بێنی
بە گوڵ قەسەم     ئازیەتیش بێ     ئەیکە م بە شایی

زستانی ٢٠٠٥

# ڕێگا

به شەوقی کێ ڕێ بپێوم
سەختە ڕێگا  نەفەس نییە
ئیتر تەوانی دیتنی
نگابانی قەفەس نییە
دەستێ گەرم  و بزە و سڵاو

پێم وایە کە خولیایێ بوو
کە ئەڕوانم چۆڵە دەورم
یا من شێتم یا کەس نییە
تەنیا من نیم لێرە تەنیام
ساواش لە مەمکە بڕاوە
دەنگی خۆم دەنگ ئەداتەوە
دەرکەکانیش داخراوە
بە ساقەی ئەو ڕۆژانە بم
رۆیشت وەکو وێنا و خەیاڵ
تەنیا ڕەسمێ لە هیچ ماوە
بۆ ئەمرۆکەی پووچ و بەتاڵ

ستوکهۆڵم- زستانی ٢٠٠٦

## دڵ سەردی

دڵم سەردە ئاسمان سەردە
هەسارەکان سەرد و بێنوور
هەوایماڵەکان ژاراوی
خۆشەویستی خەونێکی دوور
وەرز گۆڕاوە، دار چەماوە

دەرفەتی خۆشی نەماوە
چ کارەساتێکە ئەمڕۆ
لە ئەم شارە چی قەوماوە؟
پەنجەرەکان داخراون
بە پەردەی ڕەش داپۆشراون
گوڵەکانی تاریکستان
شەو چاوەڕوانی هەتاون
ئازیز تا دنیا دنیایە
زستان بەهاری بە دواوە
ڕۆژ لە چاوی شەو دێتە خوار
هەور تەسلیمی خورەتاوە

زستانی ٢٠٠٦

# ژوان

وا دیاره ئەمشەو پۆلی ئەستێرەکان
دێنە خوارەوە لە تاقی ئاسمان
بە زریوەزریو و بە چەپڵەڕێزان
چراخان ئەکەن خەڵوەتی جێژوان
وادیارە ئەمشەو خێڵی شەومەستان

عیشق دابەش ئەکەن کوڵان بە کوڵان
هەر کەس لە لایەک دەستەملانە
چارەنووسی من بەرزتر لە هەموان
هەسارە چرا مانگ چڵچرامە
چاوی ڕەقیب دوور کە یار لە لامە
ساز و من و ئەو پڕ بە ناخی شەو
ئەبینە هاودەنگ بێدەنگی کامە؟
تا هەناسە هەس با بچریکێنین
بێ نوت و ئاواز ژیان حەرامە
دەستێ قژی ساز، سەرپنجەیک هی یار
دایانئەهێنم، گەر بەندی پامە

سنە- زستانی ٢٠٠٦

## ڕۆژێ سەد جار

ڕۆژێ سەد جار ئەتخوێنمە
بەڵام لە مانات تێناگەم
ئەتبینمەوە ڕۆژێ سەد جار
بۆ چرکەیەک ونت ناکەم
هەم تۆ تەنیای هەم من تەرە

له دەرەوەی خۆمان غەریب
چارەنووسمان بوو بە یەکێ
ئەم ژینەمان بوو بە نەسیب
ڕۆژێ سەد جار ئەمپشکێنی
هەرچی منە و لە من ئەکا
قسەکانت ڕۆژێ سەد جار
تا قووڵایی ژینم ئەبا
ڕۆژێ سەد جار هانم ئەدەی
هەتا لووتکە بم بە هاوڕێت
بە شەوق دێم و ڕۆژێ سەد جار
ئەدرەسی ڕێ ئەپرسم لێت

ئوستوکهۆڵم - زستانی ٢٠٠٦

## شاری هەمیشە بەهار

لەسەر نەقشەی جیهان ونە
بەهەشتی مەوعوری بەرین
ڕەنگە ئادەم پەشیمان بێ
لەوەی کەهاتە سەر زەوین
شاری هەمیشە بەهارم

وەک هەمیشە بەهار نییە
سەردێڕی دەرسی دڵداری
بە ناوی چاوی یار نییە
خۆشم ئەوێی یانێ قسە
خۆزگە لە جنێوی نەیار
نامێنێ لە یادی هیچکەس
قەول و قسەی پار و پێرار
شاری هەمیشە بەهارم
وەک هەمیشە بەهار نییە
سەردێڕی دەرسی دڵداری
بە ناوی چاوی یار نییە
بزە بێڕەنگ و شەو بێڕەنگ
هەموو ڕەنگەکان بێڕەنگن
عاشق بێدەنگ عاقڵ بێدەنگ
هەموو دەنگەکان بێدەنگن
شاری هەمیشە بەهارم
وەک هەمیشە بەهار نییە
سەردێڕی دەرسی دڵداری
بە ناوی چاوی یار نییە
بۆ کوێ بڕۆم بەهاری بێ
دڵ دڵ بێ و پەیمان پەیمان

پاییز ڕووی تێنەکردوو بێ
نەژاکاوێ پێوەندیەکان
شاری هەمیشە بەهارم
وەک هەمیشە بەهار نییە
سەردێڕی دەرسی دڵداری
بە ناوی چاوی یار نییە

زستانی ٢٠٠٦

## دۆڕان

له ناو یاری پڕوپووچدا
بەختی من هەر پووچی هێنا
لەگەڵ هەرکەس هاتمە کایە
هیچیَ نەبوو لە مشتیدا
بهێڵە با بدۆڕێنم

ئەوەی نیمە یان پێم ماوە
دۆڕانیش جۆرێ بردنە
زێڕ لە ناو کوورە سووتاوە
ئاخ بۆ خۆمێ وەکوو خۆم بێ
وەکوو خۆم ڕاس و بێپەروا
لە چەوت و چەمی نەترسی
لە قورسایی چۆک دانەدا
هەرکەس بە شەوقێ دێتە گەڕ
من بە بۆنی پەیکی شەراو
نەی نوشمیش مەستی مەستم
ئەڕوامە بەرماڵی هەتاو
خۆم گێل ئەکەم لەم ژیانە
ئەڵێم، بڕۆ، ڕامەوەستە
وێنای دوور و خەوی خۆشە
ئەو هەموو خولیا و مەبەستە

زستانی ٢٠٠٧

## حەکایەت

چەندین و چەن ساڵ پێکەوە ژیان
پێکەوە جوت بووین پێکەوە گریان
فڕین و فڕین تا ئەوجی ئاسمان
بەرز و بەرز و بەرز بەرزتر لە ڤیان
چەن ساڵ پێکەوە دڵداریمان کرد

چەن سەرکەشانە، سەرکەشیمان کرد
من چوومە ناخی یادەکانیەوە
ئەو لە بەستێنی ژینم ماوە
چەندین و چەن ساڵ بووین بە هاونەفەس
وا بڕیارمان دا دەرچین لە قەفەس
پێکەوە ڕێگای ئەوینمان بڕی
یاسا و نووسراوەی قازیمان دڕی
لە شەوقی کۆچ و لە زەوقی سەفەر
قەت قەت نەترساین لە تانە و خەتەر
پێکەوە بوونمان حەکایەتی بوو
لەرزان گەڕا ڕەوایەتێ بوو

پاییزی ٢٠٠٦

## ماچی ئاشتی

ئاخۆ کەی بێ دیسانەوە
شەربەتی نیگات بنۆشم
لە ژێری سێبەری باڵا تا
تەرمی غەمەکان داپۆشم
دەڵێن خۆشە ماچی ئاشتی

دوای شەڕێکی عاشقانە
وەرە دووپاتی کەرەوە
ئەو بڕیارە سادە و جوانە
ئاخۆ کەی بێ میوانم کەی
بە هەرچی خۆت خۆشت ئەوێ
من و تۆ، ژوورێکی ڕووت
حەتا، خوداش نەبێ لەوێ
جاروبارێ بیانووت ئەگرم
یادت ئەکەم بێ ئەندازە
سەرڕێژم کە وەکوو جاران
لە دلۆپێ عەشقی تازە

پاییزی ٢٠٠٦

## یادی بەخێر ئەو شەوانە

یادی بەخێر ئەو شەوانە
پێکەوە بووین تا بەیانی
لە چاوانەی ڕەشی شەودا
سپیدەمان دەرئەهانی
سەقفەکەمان داری ترێ

مانگێک و ئەستێرەکانی
لە مەرگ و ژیانەوەمان
کەس ئاگای نەبوو نەیزانی
یادی بەخێر ئەو شەوانە
هەستمان بە بۆشایی ئەکرد
دڵبەر و دڵدار یەکێ بوو
ئەممان بۆ ئەوی‌تر ئەمرد
لەشمان ڕووبارێکی زیندوو
دەست و پەنجە زنجیری و برد
شەو شەوق و شیعر و سەراب
ترس و تاڵی ژینی ئەبرد

پاییزی ٢٠٠٦

## ڕەشەمەست

ئەمشەو لە هیچ شەوێ ناکا
کازیوە قەت بە ڕۆژ ناگا
کەس میوانی یەلدام نییە
هیچ دەستێ لە دەرکە نادا
کەیلی ڕەشەمەستییەکم

بارەکەم بگرێتە ئەستۆ
لە ناو پێکی بلووری مەی
بێگانە بم لە من لە تۆ
ئای... چ دنیایەکی سەیرە
خۆشە، خولیایەکی خەیرە
ئەم گێژی و بێ هۆشیە
سووکە پەروازێکی سەیرە
کەیلی ڕەشەمەستییەکەم
بارەکەم بگرێتە ئەستۆ
لە ناو پێکی بلووری مەی
بێگانە بم لە من لە تۆ
ئەی دەمە دەس شنەی شەماڵ
شەرم و تانە و شیرین و تاڵ
بە ڕوحی ڕووت و بێ پەروا
ئەم شەوە ئەکەمە جەنجاڵ
کەیلی ڕەشەمەستییەکم
بارەکەم بگرێتە ئەستۆ
لە ناو پێکی بلووری مەی
بێگانە بم لە من لە تۆ

زستانی ٢٠٠٦

## جادە

ئەمشەو تۆ جادە ئەپێوی
من چرکە چرکە ساتەکان
سەرڕێژی مەیل و تاسە، من
تۆ، بە شەوق دێی بەرەو ژوان
ئەمشەو لەو شەوانە ئەکا

که هەوڵمان ئەدا بۆ دیدار
لە سەرەتای ئاشنایی
کە نەترسانە بووین بە یار
جادەی چۆڵ و بێکوتایی
لەگەڵ چاوتا یاری ئەکا
خەیاڵی کام شەوی شیرین
بێدەنگی جادە تێک ئەدا
ئەمشەو وشەکانت تازە
دەنگت ئاشنا وەک جاران
هەستم بە تازەبوونێ کرد
کە ماوەیەک دوور بوو لێمان

زستانی ٢٠٠٦

## کەنیشکە

چەن نەفەس بڕە ئای چەندە تاڵە
ئاسمانی دەرەو هەوای ئەم ماڵە
دەور و پشتمان چوارچێوە و دیوار
زەنجیری پێمان زێڕی بیس عەیار
کەنیشکە بالات هاو بالای منە

چاوت ئاوێنەی سکاڵای منە
لە دڵ مەپرسە کەس لێی ناپرسێ
ئەوەش ئازایە لە دڵ ئەترسێ
دڵ شکاندن و دڵ کەندن باوە
گوڵەبەڕۆژەی هەژار بەدناوە
کەنیشکە باڵات هاوباڵای منە
چاوت ئاوێنەی سکاڵای منە
شەماڵ هەڵی کرد سەرپۆشت لادە
ڕێ کرایەوە، بپێوە جادە
دەرچین لەم شوێنە بۆنی شێی لێ دێ
بەڵکو بگەینە وڵاتێکی نوێ
کەنیشکە باڵات هاوباڵای منە
چاوت ئاوێنەی سکاڵای منە

زستانی ٢٠٠٦

## هاوڕێ

ڕۆژێ سەد جار ئەتخوێنمە
بەڵام لە مانات تێ ناگەم
ئەتبێنمەوە ڕۆژێ سەد جار
بۆ چرکەیەک ونت ناکەم
هەم تۆ تەنیای هەم من تەرە

له دەرەوەی خۆمان غەریب
چارەنووسمان بوو بە یەکێ
ئەم ژینەمان بوو بە نەسیب
ڕۆژێ سەد جار ئەمپشکێنی
هەر چی منە و لە من ئەکا
قسەکانت ڕۆژێ سەد جار
تا قووڵایی ژینم ئەبا
ڕۆژێ سەد جار هانم ئەدەی
هەتا لووتکە بم بە هاوڕێت
بە شەوق دێم و ڕۆژێ سەد جار
ئەدرەسی ڕێ ئەپرسم لێت

ئوستوکهولم- زستانی ٢٠٠٦

## دەردەدڵ

ئەڵێن باسی خۆشەویستی
بە شێوەی جاران نەماوە
ئەفسانەی لەیلی و مەجنوون
بەسەرهاتێکی دۆڕاوە
نا... نا... هەڵەیە درۆیە

کێ بڕیارێکی وای داوە
سەدها مامۆستای دڵداری
لە ئەم مەکتەبە نێژراوە
ئەڵێن خەلسەی شێعر و شەراب
لە ئەم سەردەمە کەی باوە؟
کۆترە نامەبەرەکانیش
باڵی فڕینیان نەماوە
نا... نا.... هەڵەیە درۆیە
کێ بڕیارێکی وای داوە
سەدها مامۆستای دڵداری
لە ئەم مەکتەبە نێژراوە
ئەڵێن مەڵێن لە عێشق و مەیل
دەس هەڵ بگرن، بەند و داوە
ئەوەی زیاتر خۆ بسپێرێ
زووتر ئەیخەنە ئەولاوە
نا... نا... هەڵەیە درۆیە
کێ بڕیارێکی وای داوە
سەدها مامۆستای دڵداری
لە ئەم مەکتەبە نێژراوە

ئوستوکهولم- زستانی ٢٠٠٦

## حەکایەت

چەندین و چەن ساڵ پێکەوە ژیاین
پێکەوە جووتبووین، پێکەوە گریاین
فڕین و فڕین تا ئەوجی ئاسمان
بەرز و بەرز و بەرز، بەرزتر لە ژیان
چەن ساڵ پێکەوە دڵداریمان کرد

چەن سەرکەشانە سەرکەشیمان کرد
من چوومە ناخی یادەکانیەوە
ئەو لە بەستێنی زەینم مایەوە
چەندین و چەن ساڵ بووین بە هاونەفەس
وا بڕیارمان دا دەرچین لە قەفەس
پێکەوە ڕێگای ئەوینمان بڕی
یاسا و نووسراوەی قازیمان دڕی
لە شەوقی کۆچ و لە زەوقی سەفەر
قەت قەت نەترساین لە تانە و خەتەر
پێکەوەبوونمان حەکایەتێ بوو
لە زاران گەڕا ڕەوایەتێ بوو

پاییزی ٢٠٠٧

## ماچی ئاشتی

ئاخۆ کەی بێ دیسانەوە
شەربەتی نیگات بنۆشم
لە ژێر سێبەری باڵاتا
تەرمی غەمەکان داپۆشم
دەڵێن خۆشە ماچی ئاشتی

دوای شەڕێکی عاشقانە
وەرە دووپاتی کەرەوە
ئەو بڕیارە سادە و جوانە
ئاخۆ کەی بێ میوانم کەی
بە هەرچی خۆت خۆشت دەوێ
من بم و تۆ، ژوورێکی ڕووت
حەتا خوداش، نەبێ لەوێ
جار و بارێ بیانووت ئەگرم
یادت ئەکەم بێ ئەندازە
سەررڕێژم کە وەکوو جاران
لە دڵۆپێ عەشقی تازە

پاییزی ٢٠٠٧

# یادی بە خێر ئەو شەوانە

یادی بە خێر ئەو شەوانە
پێکەوە بووین تا بەیانی
لە چاوانەی ڕەشی شەودا
سپێدەمان دەرئەهانی
سەقفەکەمان داری ترێ

مانگێک و ئەستێرەکانی
لە ئەو ڕووداوە پیرۆزە
کەس ئاگای نەبوو نەیزانی
یادی بەخێر ئەو شەوانە
هەستمان بە بۆشایی ئەکرد
دڵبەر و دڵدار یەکێ بوو
ئەممان بۆ ئەوی‌تر ئەمرد
لەشمان ڕووبارێکی زیندوو
دەست و پەنجە زنجیر و پرد
شەو و شەوق و شیعر و شەراب
ترس و تاڵی ژینی ئەبرد

پاییزی ٢٠٠٧

# گەڕانەوە

که هاتمەوە پێش لە ئەوەی
پاش حەسرەتی چەن ساڵ دووری
دڵۆپە فرمێسکێکی غەریب
پێشکەشی گڵکۆی دایکم کەم
یان بە شاخە گوڵێکەوە

بچمه بەر ماڵی شەهیدێ
بە یادی ڕابردوویەکی دوور
چاوی منداڵەکەی ماچ کەم
تۆم ماچەو کرد، بۆ تۆ گریام
ئای... بۆنی خاکم هەڵمژی
بست بە بست بە سەریا گەڕام
تا لە گۆرانیما بژی
کە هاتمەوە، پێش لە ئەوەی
خانووی چۆڵم بدۆزمەوە
لە دەرکە دەم دایە نەبێ
دەرکەکەم لێ بکاتەوە
یان پێش لەوەی دابەزێم و
ماندوویەتی سەفەر دەرکەم
تۆم ماچەو کرد، بۆ تۆ گریام
ئای... بۆنی خاکم هەڵمژی
بست بە بست بە سەر تاگەڕام
تا لە گۆرا نیما بژی

هاوینی ٢٠٠٧

## شاه ماسی

فێرت کردم دەرسی ویستن
خۆت لە ئەزموون دەرنەهاتی
وتت مەترسە لە دەریا
هەر مەلەم کرد، هەر نەهاتی
دام لە ئوقیانووس، ڕۆیشتم

خۆم سپاردە جادەی ئاوی
وامئەزانی دێی لەگەڵما
لام کردەوە بەجێ ماوی
ئەی کوا، وتت من هاوڕێتم
ئەتبەم تا دوورترین کەنار
دەستەکانم ئەکەم بە پرد
با خەلاس بین لە هەرای شار
پێت وابوو کە باشتر لە من
نهێنی دەریا دەناسی
بەڵام هەڵە بوو بۆچوونت
فەرموو بپرسە لە ماسی
بە جێت هێشتم، بەجێ ماوی
لە کێبەرکێی شەپۆل و ژن
ئەوەی شاماسی لە دەس چوو
تو خوا بڵێ تۆ بووی یا من؟

زستانی ٢٠٠٧

## شەو

ئەمشەو هەستێکی غەریب
خەریکە ئەمهەژێنێ
لە خۆوە بێ مەی مەستم
مەستی چیم بە سەر دێنێ؟
نە هێزی مانەوەم هەس

نە ڕێگای دەرچوون ماوە
گەر دەستێ دەستم نەگرێ
ئەخنکێم لەم گێژاوە
نا... نا.... ناهێڵم بمرم
لە سووچێ ئارام بگرم
خۆ ئەسپێرم بە دەریا
بزانم بەرەو کوێم ئەبا
ئەمشەو بەس خەیاڵاویم
سەد خەیاڵم لەسەرە
بێگانەم لە خۆم، لە ژین
سەرخۆشم لەم سەفەرە
خەیاڵ ئەمبا بەرەو دوور
تا گەیشتن بە ئاوات
ئاخۆ شەپۆلی سەرکەش
بەرەو کام دوورگەم ئەبات
نا... نا... ناهێڵم بمرم
لە سووچێ ئارام بگرم
خۆ ئەسپێرم بە دەریا
بزانم بەرەو کوێم ئەبا
چەرخی گەردوون گەردانە
کە بیرووخێنێ ماڵم

چەن ماڵی ژێر و ژوور کرد
دەستی گەردوونی زاڵم

زستانی ۲۰۰۷

# چی بکەم بێ تۆ

ئەرێ کەسێ لە دوای کەس
هیچی لێ نای، نامرێ
بەڵام مردن ، باشترە
دڵدار، یارێ تر بگرێ
چی بکەم بێ تۆ، غەمگینم

تەنگە بەرە شارەکەم
لە دوای تۆ کێ لایەقە
بانگی کەم، هۆ یارەکەم
نە بەو هاتم، هاتمە
نە بەم ڕۆین ڕۆینە
نە بەو قوربان، قوربانە
نە بە ئەم مەرگەژینە
چی بکە م بێ تۆ، غەمگینم
تەنگە بەرە شارەکەم
لە دوای تۆ کێ لایەقە
بانگی کەم، هۆ یارەکەم
خۆزگە منیش ئەمتوانی
هەر ڕۆژ بچمە ناو دڵێ
هەڵبژێرم، بۆنی کەم
لە هەر باغچەیەک، گوڵێ
چی بکەم بێ تۆ، غەمگینم
تەنگە بەرە شارەکەم
لە دوای تۆ کێ لایەقە
بانگی کەم، هۆ یارەکەم
دەفتەری خاتراتم
بەڵگەی لە دڵداریە

له دوای تونای دڕێنم
چونکوو یادگاریه

زستانی ٢٠٠٧

## کامە وڵاتەکەی منە؟

کام وڵاتە تیشکی هەتاو
لەسەر ماچی پرچی کچێ
بەیانی تاکوو ئێوارە
لەگەڵ سەرپۆشا بەشەڕ دێ؟
ئەوە وڵاتەکەی منە

سزای خۆش ویستن مردنە
قژ لە بەندی حەریردایە
ئەرێ وایە، ئەرێ وایە
کام وڵاتە عاشقەکان
بە جورمی گەورەی ڕاوەستان
مەحکوومن بە چواردیواری
زیندووچاڵ و خۆئاگردان؟
ئەوە وڵاتەکەی منە
سزای ڕاوەستان مردنە
جوانی لە ژێری پێدایە
ئەرێ وایە، ئەرێ وایە
کام وڵاتە تیری لۆمە
ئەپێکێ شاباڵی تەوار
ئاسمانی فڕین ئەفرۆشن
هەر بستێکی هەزار هەزار؟
ئەوە وڵاتەکەی منە
سزای هەڵفڕین مردنە
باڵندە لە قەفەزدایە
ئەرێ وایە، ئەرێ وایە

سەریساڵی زاینی ٢٠٠٧

## بەدپەیمان

مەگەر چیم کرد؟ زیاتر لەوەی
متمانەی دەستەکانتم کرد
مەگەر چیم وت؟ زیاتر لەوەی:
"ئازیز دیت چۆن دڵەکەمت برد؟"
مەگەرچی بوو؟ ئاوابێ دەنگ

سپاردمتەگۆڕی خەیاڵ
ئەمزانی ئاخر پێم ئەدەی
پیاڵەیەک، ژاری تێژ و تاڵ
هەر دوو پەنجەت قەولیان پێ دام
دەی فەرموو لێیان بپرسە
هێشتا بۆنی پەنجەت پێمە
لە بەدپەیمانی بترسە
چۆن دڵت هات، لێم نەپرسی
بڕۆیت و لا نەکەیتەوە
دوای ئەو هەموو بەڵێنەیە
پشت کەی ئاوڕ نەدەیتەوە
ئەترسام دڵم بسپێرم
وتت بە خوا نایشکێنم
ئەی بۆ وات کرد، مردووت نەمرێ
هاکا ئیمانت پێ بێنم
هەردوو پەنجەت قەولیان پێ دام
دەی فەرموو لێیان بپرسە
هێشتا بۆنی پەنجەت پێمە
لە بەدپەیمانی بترسە

نەورۆزی ٢٠٠٧

## قومار

دڵم پڕە لەم ئێوارە لەعنەتیە
وەڕەسم لە بەربەست و لە قانوونی شار
کوا لە کوێیە؟ هاودەنگی ئەم بێدەنگیمە
بۆ نابیسم مێلۆدیەک جگە هاوار
دڵم پڕە لە ئەم ئێوارە تەمەڵە

له چرکەی کاتژمێرەکەی مەچەکی یار
ساتەکانم ون کردووە، ماندووم ماندوو
له تەنیایی له هەرای ئەوبەری دیوار
دڵم پڕە له ڕەنگی زەردی ئێوارە
لێوم تینووی سڵاوێک و ئاوی هەنار
نه کەسێ من له بیر ئەکا نه من کەسێ
هیچ به هیچ گەیشته ئاکام، یاری **قومار**

زستانی ٢٠٠٧

## یاد

ئازیزەکەم      شیرین‌ترین کاتەکانم
با بۆ تۆ بێ      هەر بۆ تۆیە
هەر کەس وتی من دەمێ بێ تۆ سەرخۆشم
بڕوا مەکە      نا درۆیە
گشت ئەزانن   وێنەکەت بە زنجیرەوە
لە قاپی زێڕ

سالّەهایە        لە سەر سینەم ئاوێزانە
ئاوەڵایە
ئازیزەکەم        کاتێ هەتاو
لە ڕۆژەکانم ئەتۆرێ     قەت ناترسم
لە ئاسمانی      شەوەزەنگ و تەنیاییدا
دوو گلّۆپەی چاوەکانت  هەڵئەواسم
ئەم ڕۆژانە       شار پڕە لەم بەسەرهاتە
عاشقانە
وا دیارە          بوینە تاپۆی خۆشەویستی
ئەم زەمانە

هاوینی ۲۰۰۷

## له دایک بوون

له دایک بوونت چ پیرۆزه ئەزیزم
له لام ئەم ڕۆژه نەورۆزه ئەزیزم
شەم و نوقڵ و گوڵی ئەم بەزمه هەر تۆ
ئەزیزم شانۆتی ئەم نەزمه هەر تۆ
له جێ شیرینی و جامی شەراوت
ئەنۆشم یەک دوو پێک هەنگوێن له چاوت

ئەوە ئەم ساڵە چوو، ساڵێکی تر هات
بژی، هەر سەوزی سەوز بێ، سەروی باڵات
ئەزیزم چیت بۆ بێنم یادگاری
وەرە ماچ و دڵت پێ بەم دیاری
دەفەرموو پێشکەشت کەم خەرمەنێ گوڵ
ئەگەر کەم بێ سەدان گوڵ ماچ و یەک دڵ

## جێ ژوان

پەیام ئەنێرم وەرە جێ ژوان
جێ ژوانەکەی پیرۆزی خۆمان
گەر وەک جاران بیت ڕێگە ون ناکەی
بکەوە شوێن دڵ، ڕێک بە من ئەگەی
باڵاکەت دەرخە با من باڵا کەم
خۆم ئاوێزانی باڵای ئاڵا کەم

بەرەو جیٚژوان هەنگاو هەڵ بێنە
ببە گڵۆپە، شەوم بشکێنە
چاوم ئەڕێژم، خۆم جوان ئەکەم
لە سەر شان و مل، قژ وەیلان ئەکەم
کراسیٚ لە ڕەنگی عشق لە بەر ئەکەم
دێمە پێشوازت، دیسان دڵ ئەبەم
حەز لە چی بکەی، هەر بەوە ڕاتێم
بەرەو کویٚ بمبەی، بە مەیلەوە دێم
دڵە دڵ مەکە، وەرە جیٚ ژوان
نەک مەجال نەبیٚ، بمرین یەکێکمان
سەد نامەم نووسی، دەیان کەسم نارد
ناونیشانەکەم بە دەس با سپارد
کە دەعوەتت کەم بە شەوێکی تر
دیسان بسووتێین بە یاوێکی‌تر

هاوێنی ٢٠٠٧

## حەڵەبجە

هۆ خێڵی مەرگ فرۆشەکان
ها... لێرەیە... ژینی هەرزان
ئاشنای ئەو ڕەشە قینەین
چیتان دەوێ لە مێژوومان؟
گوێتان بگرن با نەبیسن
خڕەی ئاخر هەناسەکان

با نەبینن چلۆن کۆرپە
بە بۆنی شیر، کەوتە گیان دان
هەزاران گیان بوو بە گیانێ
چووە جەستەی هەڵەبجەمان
ڕاوەستاوە بەرزەناوە
هێشتا ماوە وەکو خۆمان
دەس لە مل و سەر لە سەری
جوانترین مەرگی دڵداران
بمانکوژن بە سێدارە و
گوللە و بۆمب و کیمیاباران
قەقنەس‌ئاسا ئەڕوێینەوە
باڵا ئەکەین تا دارستان
فێرین ئێمە کە بین بە دەنگ
بۆ تەرمی بێ‌دەنگی یاران
هەزاران گیان بوو بە گیانێ
چووە جەستەی هەڵەبجەمان
ڕاوەستاوە بەرزەناوە
هێشتا ماوە وەکو خۆمان

پایزی ٢٠٠٧

## لایە لایە

هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
مەپرسە دایە بۆ دەنگی نایە
تا چاو هەتەر کا، هەر جادە و خەتەر
چیرۆکی چوون و نەمان و سەفەر
گیرفانی بابە، تەسک و خاڵییە
نە کەس گوێ ئەدا، نە کەس حاڵییە

سەهۆڵبەندانە، کوانێ دەستێ گەرم
کێ دەری بێنێ لە ئارەقەی شەرم
چەندەها تووشن بەو دەردیسەرە
ئەمرن بە ئاوات سەقف و پەنجەرە
***

هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
مەپرسە دایە بۆ دەنگی نایە
هەزاران منداڵ لە ئەم جیهانە
خۆزگەیان جل و پارووییێک نانە
کە شەو ئەخەون گریان و برسی
خەونیان پڕە لە، ترس و مەترسی
لەملا و مەترسی، بۆمب و خومپارە
لەولاو کەلەبچە و بەند و سێدارە
لە جیاتی بووکەشووشە و پێکەنین
هاڕەی فڕۆکە و زریکە و قژڕنین
***

هەی لایە لایە، ڕۆڵە لای لایە
مەپرسە دایە بۆ دەنگی نایە
خۆشەویستیەکان لە ڕەنگی زێڕە
کورت و نابەدڵ تەنیا یەک دێڕە
تەرمی منداڵ و چەمەری دایە

مۆسیقای شەڕە و کۆتایی نایە
ئای بۆ ئەو ڕۆژە لەم شارە چۆڵە
دایک ڕەشپۆش نەبێ لە مەرگی ڕۆڵە
دیوار نەمێنێ لە نێوان دوو کەس
دڵدار نەکێشێ لە قەفەس، نەفەس

هاوینی ٢٠٠٧

**تێبینی:**

- تکایە ئەو هونەرمەندانەی کە دەیانەوێ کەڵک لە ئەم شیعرانە وەربگرن لە ئیمەیلی خوارەوە پێوەندی بگرن.

Siimin30@yahoo.com

- سپاس بۆ ئاری محەمەد ساڵح بۆ یارمەتیدانی.